# دنیایەکی سەیر

بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی دووی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران بروسکەیەکی پیرۆزبای ئاراستەی حیزب کرد کە لە گۆڤاری ئۆکتۆبەر ژمارە 52 ،لاپەڕە 8 دا دەقەکەی بڵاوکراوەتەوە ، ئێمەش (بە ئیجازەی هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەم دیووئەودیو و ڕابەرە فارسەکانیان) وەك کۆمەڵێك کۆمۆنیست لە کوردستانی عێراق بە هەمان شێوە پیرۆزبایی‌مان بەبۆنەی پانزە ساڵەی دامەزراندنی حیزبەکرێکاریەکەی ئەوانەوە بۆ گۆڤاری( ئۆکتۆبەر)ی حککع و ( ئیسکرا ) ی کۆمیتەی **کوردستانی** حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران، ئەو گۆڤارەی کە لە گاڵتە پێکردن بە ناودارو شاعیرانی کورد وسوکایەتی کردن بە خەڵکی کورد دریغی نەکردووە و تاکو ئێستا لە تەنها پەڕەیەکیشدا بەرچاومان نەکەوتووە بنوسرێ فلانە شت کوردیەو شتێکی چاکە ، ئەمە بێجگە لەوەی کە گۆڤارەکە بەناو هی **کۆمیتەی کوردستانی** حیزبەکەیانە کەچی بە فارسی دەرئەچێ ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرێکی ترە لە گاڵتەپێکردن بە کورد.

هەروەها پیرۆزباییەکەمان بۆ هاوڕێ سامان کەریم نارد کەئەویش لەلای خۆیەوە هەوڵبدات بۆمان بگەیەنێتە گۆڤاری ئۆکتۆبەر بۆ ئەوەی شەرەفی پیرۆزبایی کردنەکەمان پێ ببڕێ لە حیزبە کۆمۆنیستیەکەی ئەودیو . زۆر چاوەڕێمان کرد وتمان بەڵکو بۆمان بڵاو بکەنەوە بەڵام بەداخەوە زاتیان نەکرد.... بۆچی ؟ ئەوە جێگەی پرسیارە لە لامان.

خەڵکی هوشیار سەیری ئەم پیرۆزبایی و داخوازیە بکەن کە بۆ گەلی عێراق و وڵاتی عێراقی داوا دەکەن. ئەوان تەنها حککع بە نوێنەری ئینسانیەت شارستانیەت لە کۆمەڵگەکەی ئێمەدا دائەنێن،بزانن چ هێرشێکیان بە ناوی ناسیونالیستیەوە کردۆتە سەر گەلی کورد. ئەو دوو حیزبە خاوەن مردووە وائەزانن کورد ڕێگەی لە کرێکارانی جیهان گرتووە و ناهێڵێ حکومەتە کرێکاریەکەیان دابمەزرێنن بارك اللە و ئافەرین ئازادی و یەکسانی . بەهەر حاڵ خۆتان بروسکەکە لە لاپەڕە 8 ی گۆڤاری ئۆکتۆبەردا بخوێننەوە و ئەم بروسکەیەی ئێمەش هەر بخوێننەوە خۆتان حوکم بدەن کە بۆچی بروسکەی ئەوان لە گۆڤاری حککع دا بڵاودەکرێتەوە بەڵام بروسکەکەی ئێمە نە لە گۆڤاری حککع و نە لە گۆڤاری حکك ی ئێراندا بڵاو ناکرێتەوە.

هەروەها دیقەتی یادی پانزە ساڵەی حیزبەکۆمۆنیستیەکەی ئەوان بدەن کە لە ئێراندا کراوە (گۆڤاری ئۆکتۆبەرژمارە 52 لاپەڕە 7 )، بزانن بە ئاستەمیش باس لە زۆرداری و نەتەوە و ڕەگەز پەرستی ناسیونالیستی فارسەکان کراوە دژی کورد و ئازەری و عەرەب و بلوچ ، گێلانی و .... هتد . فارسەکان کامە نەتەوەی غەیرە فارسیان لە ئێراندا نەچەوساندۆتەوە؟؟ .

فەرهەنگ و زمان وکولتوری فارسیان بەزۆری زۆرداری بەسەر گشت میللەتەکانی ئێراندافەرزکردووە ، بەڵام باسکردنی ئەو ناسیونالیستیەلە لای حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بقەیە بە هیچ شێوەیەك باسی لێوە ناکرێ، ئەوە ئەحزابی تریش مافی ئەوەیان پێ نادرێ باس لەو ناسیونالیستیەی فارس بکەن ، چونکە باسکردنی واتە تدخل لە شئونی داخلی ئێران بەناڕەوا باسکردنە لە سەر موقەددەساتی نەتەوەی فارس کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران ڕێگەی پێ نادات هیچ کەسێك و دەستەو تاقمێك پێشێلی بکات،حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیش بۆ خزمەتی ناسیونالیستی فارس پەروەردەو گۆشکراوە، بۆیە زاتی هێرش کردنیان بۆ سەر ناسیونالیستی فارس نیە،حککع تەنها بۆی هەیە قسە بەکورد بڵێ .حککع ناتوانێ و بۆشی نیە هێرش بکاتە سەر ناسیونالیستی فارس بەڵام ئەگەر بیەوێ بیر لە شتێکی ئاوها بکاتەوە واتە بەزاندنی ئەو خەتەسورەیە کەبۆیان دیاری کراوە .

ئەمە دەقی پیرۆزباییەکەی ئێمە کۆمۆنیستانی کوردستانی/عێراق بۆ حکك ئێران

## لە یادی یانزە ساڵەی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران

هاورێ یان

یادی یانزەهەمین ساڵەی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران لە ڕابەرایەتی و هەموو ئەندامانی حیزب پیرۆزبایی ئەکەم !

حیزبی ئێوە بە شایەتی یانزە ساڵ خەباتی پەیگیرانەتان، هەم لە سەرتاسەری ئێران و لە بەرامبەر دەوڵەتی خامەنەئی دا و هەم بە تایبەتی لە ئوستانی فارس‌داو لە بەرامبەرکێ لە گەڵ حیزبە ناسیونالیستەکانی فارس و ئیسلامیەکاندا ، تەنها نوێنەر و قسەکەری کرێکاران و ژنان و هەموو توێژە ئازادیخوازەکان بووە . ئێوە لە کۆمەڵگایەکدا نوێنەری ئینسانیەت و ئازادی و شارستانین کە ناسیونالیستی فارس و دین دەستیان تێخستووە و لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو دواوەیان بردووە.

حیزبی ئێوە یەکپارچە لە بەرامبەر کۆنەپەرستی فارسەکان ڕاوەستاوەو بەرەوپێشەوە چووە ـ خودی یادکردنەوەوەی ئاشکراو کراوەی ئێوە لە ئوستانە فارس نشینەکاندا ، خۆی نیشانەیەکی ئاشکرای ئەم پێشرەویەی ئێوەیە .

هاورێ یانی هاوخەبات !

ئێوە ئاڵای کۆمۆنیزمی کرێکاری و منسور حکمتی ڕابەری هەمیشە زیندوویتان لە یەکێك لە دژوارترین و ئاڵۆزترین دۆخەکانی خەباتی سیاسیدا بەزیندوویی و شەکاوەیی ڕاگرتووە . ئێران ئەمڕۆ بۆتە مەڵبەندی ململانێی ئەمریکاو تیرۆریزمی دەوڵەتیی ناتۆ لە لایەك‌و ناسیونالیزمی فارسی و ئیسلامی سیاسی لەلایەکی تر . لەم ڕووبەرووبوونەوەیەدا ، ئاڵای دنیای شارستانی کە منسور حکمت بەرزی کردەوە بەدەستی بزووتنەوەی ئێمەوەیە ، حیزبی ئێوە بەتایبەت ئەمڕۆ و لە نێو دڵ وچەقی ئەم ئەزمەیەدا ئەرکێکی قورس و چەند لایەنەی لە ئەستۆیە . ئومێدەوارم حیزبی ئێوە هەروەکو پێشوو و بگرە زیاتر لە جاران لە خەبات لە دژی کۆنەپەرستیی نەزمی نوێی جیهانی ، ناسیونالیزمی فارسی ،وە نفوزی دین و ئیسلامی سیاسیدا پێشەنگ و سەرکەوتوو بێت . ئێمە هەمیشە لەگەڵ ئێوە و لە هاوشانی ئێوە ئەبین !

بە هیوای یادکردنەوەیەکی پڕدەستکەوتو سەرکەوتوو !

بژی منسور حکمت !

بژی سۆسیالیزم !

2003/ 1 / 17

هاورێ سامان تکایە ئەم پیرۆزبایی یە بگەیەنە بە کاك ڕێبوار با لە ( ئۆکتۆبەر) دا بڵاوی بکاتەوە

چەند هاورێ یەك
سلێمانی